شانۆگەریی یەك پەردەیی

چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسانە

ئامادەکردنی : یاسین قادر بەرزنجی

کاراکتەرەکان :

١ – **وریا** : ڕۆژنامەنووس و ئەدیبە . تەمەنی سی ساڵێکە .

٢ – **ئەنوەر** : ڕۆژنامە نووسە . بەتەمەن لە وریا گەورەترە . پیاوێکی ڕووخۆشە .

٣ – **سەرنووسەر** : کابرایەکی مرومۆنە . تەمەنی نزیك پەنجا ساڵێکە .

٤ – **بەشیرفە تحوڵلا** : شاعیرە . تەمەنی ژوور پەنجا ساڵە .

سەر شانۆ دیکۆری ئامادەکراوی هەیە . بریتین لەدیمەنی نووسینگەی سەرنووسەری گۆڤارێك . ژووری

ڕۆژنامەنووسەکان ، یەکێك لە ژوورەکانی ماڵی بەشیر فەتحوڵڵای شاعیر. ڕوناکی دیمەنەکان دەرئەخات‌و ڕووداوەکان پێکەوە گرێ ئەدات . . سەرەتا ڕوناکی ئەچێتە سەر ژووری ڕۆژنامە نووسەکان ، وریاو ئەنوەر دانیشتوون ، ئەنوەر بە چەند پەرە کاغەزێکەوە خەریکەو وریاش بە دەم جگەرە کێشانەوە بیرئەکاتەوە)

ئەنوەر : بەپێچەوانەی هەموو بەیانی‌یەکەوە ، بێ ئیش دانیشتوویت‌و بەهیچەوە خۆت خەریك ناکەیت . . سەیرە !

وریا : ها . . . بڵێم چی . . تاقەتم نی‌یە . .

ئەنوەر : چۆن ئەبێت وریای ڕۆژنامەنووس‌و چیرۆك‌نووسی لاو بەم شێوەیەبێت ؟ . هەرگیز نابێت !

وریا : بۆ نابێت ؟ ! گەر مامۆستا ئاوا سەرو دڵمان بگرێت حەوسەڵەی هیچمان ئەمێنێت ؟ !

ئەنوەر : یاڵلاخێر ، هیچی تازە ڕووی‌داوە ؟

وریا : ئەی دوێنێ پێم نەوتیت چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسانە لەگەڵ بەشیر فەتحوڵڵای گەورەی شاعیران بە جەنابم سپێررا .

ئەنوەر : ئەی نەتووت خۆتی لێ نەجات ئەدەیت ؟

وریا : نازانم ، دوێنێ دەوام ئەوەندەی بەبەرەوە نەمابوو ، سەرنووسەر دای بەگوێمدا ، مەعلووم ئەمڕۆ بانگم ئەکاتەوە . .

ئەنوەر : خوا بەوە ڕەحمی کردووە ئیشی من کاروباری وەرگێرانە ، تووشم بە تووشی ئەو جۆرە . . (بە گاڵتە پێ‌کردنەوە) ئەو جۆرە شاعیرانەوە نابێت ، ببورە ، تۆ خۆشت ئەدیبیت‌و خولیای شیعریشت‌زۆرە ، مەبەستم لەوەیە من بە پێی فرمانەکەم .ناچمە خزمەت ئەو چەشنە شاعیرانە . .

وریا : کاکە گیان ، قەیناکە ئەدیبم ، بەڵام دەست نیشان‌کردنی کەسێك بۆ گفتوگۆو چاوپێکەوتنی ئەدەبی ئەبێت لەلایەن ڕۆژنامەنووسی خۆیەوە بێت ، یەك ساڵی ڕەبەقە بە سەرنووسەر ئەڵێم با چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حسەینی چیرۆك‌نووسدا سازبکەم ، هەر جارەو بەبیانوویەك داواکەم ڕەت ئەکاتەوە ، دووا جار پێ‌ی وتم : کاکە ، حسەین بەم تەکنیك‌و مەکنیك‌و بەزمی نوێ‌کاری‌یە چیرۆکەکانی شێواندووە ، تۆش لێ‌ی گەڕێ !

(زەنگی تەلەفون لێ‌ئەدرێت‌و ئەنوەر هەڵی ئەگرێت)

ئەنوەر : هەلاو ، بەڵێ ، سەرچاوم ، خۆش‌بیت ، بەڵێ ، بەڵێ لێرەیە ، بۆلای خۆی ، باشە برا ، بەسەرچاو ، خوات لەگەڵ ، (تەلەفونەکە دائەخاتەوە) سکرتێربوو ، سەرنووسەر تۆی ئەوێت .

وریا : یائەڵلا . . مەسەلەکەیە ، چوونە خزمەتی فەتحوڵڵا بەشیر .

ئەنوەر : (پێ‌ئەکەنێت) ها . . ها . . ها . . بە جۆرێك شپرزەی کردوویت ناوەکەشیت عەکس کردەوە ، هەرگوێشی مەدەرێ ، بەشێوازەکەی خۆت چاوپێکەوتنێکی وای لەگەڵ بکە کە دوایی مەراقی پێوە نەخوێت . . مردووت نەمرێت . چیتە ، خۆ تۆ لەسەر هیچیش بنووسیت ، گەر مەبەستت بێت لەو هیچە شتێك ئەخوڵقێنیت .

وریا : نا . . . چۆن ؟

ئەنوەر : بەسەری خۆم بەڕاستمە ، بتەوێت لەسەر مردوو ئەنووسیت‌و وای لێ‌ئەکەیت خوێنەر وابزانێت گەورەترین‌و کاریگەرترین نووسەری ناوزیندووانە ! . خۆ گەر بشتەوێت ئەوا . .

وریا : (قسەکە بەئەنوەر ئەبڕێت) ئەوا زەلامی زرت‌و

زیندوو بەچوار پەلەوە لە گۆڕ ئەنێم . کاك ئەنوەر ، چیتە ، نەبڕایەوە ، هەموو جارێ ئەم قەوانە لێ‌ئەدەیتەوە ، بێ‌قەزابیت !

ئەنوەر : کاکە وریا ، دوواکەوتیت ، سەرنووسەر چاوەڕێتە ، ڕۆحەکەم عاجز نەبیت ، لەسەر ئەوەمان نەکردووە .

وریا : بەراست ، با بچم بەلایەوە .

(وریا ئەچێتە دەرەوەو ئەنوەریش دەست ئەکات بەنووسین ، شانۆ تاریك ئەبێت‌و لەگەڵ مۆسیقایەکی کورتدا ڕوناکی ئەچێتە سەر ژوورەکەی سەرنووسەر ، ئەو دانیشتووەو وریاش بەپێوە لە بەردەمی مێزەکەیدا وەستاوە) .

وریا : قوربان ، گەر لەم ئەرکە ببەخشیت زۆر مەمنونت ئەبم .

سەرنووسەر : بۆ ، چی‌تیایە ؟ بە پێچەوانەوە ، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا بەشیر فەتحوڵڵای شاعیرو ڕۆماننووسی ناسراو کارێکی زۆر چاکەو کەرەستەیەکی یەکجار جوانیش ئەبێت بۆ گۆڤارەکەمان .

وریا : ئاخر قوربان ، خۆشت ئەزانیت من ئەدیبێکی لاوم‌و تێڕوانینی تایبەتی‌ی خۆم هەیە بەرامبەر بە ئەدەب‌و هەڵوێستی مامۆستا بەشیر کە ناتوانم لێ‌ی بشارمەوە ، کە دەریشم بڕی ئەو پی‌ی ڕازی نابێت ، پاشانیش من . . .

سەرنووسەر : (قسەکەی پی‌ئەبڕێت) ئەوە جیایە ، تۆ ئەچیت گفتوگۆی ئەدەبی‌ی لەگەڵدا بکەیت ، خۆ دانانیشیت لە بەرهەمەکانی بکۆڵیتەوە .

وریا : مامۆستا ، تکا ئەکەم ئەم ئەرکە بەمن مەسپێرە .

سەرنووسەر : تکاو مکانی‌یە ، بیانووش مەدۆزەرەوە ، هانێ ئەمە ژمارەی تەلەفونەکەیەتی (لەسەر مێزەکەی دائەنێت)

برۆ چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ بکەو وازمان لێ‌بێنە ، دوو کەسی‌ترتان ڕەفزی کرد ، باوکم چی‌یە ، ئێمە چیمان هەیە ؟ گۆڤاری ئەدەبی‌یان گۆڤاری ئاسایشی دەوڵەتان ، بڕۆو گیروگرفتمان بۆ درووست‌مەکە . .

(سەرنووسەر چاوێلکەکەی لە چاو ئەکات‌و چەند پەرە کاغەزێك ئەگرێت بە دەستەوەو ئەیانخوێنێتەوە ، وریاش بەتێ‌ڕامانەوە ژمارەی تەلەفونەکەی بەشیر لەسەرمێزەکە هەڵ ئەگرێت)

وریا : زۆر چاکە ، مادەم گیروگرفت لە ئارادایە من ئەچم ، مامۆستا بەڵام . .

سەرنووسەر : بەڵام چی ؟

وریا : بەڵام گەر ڕێم بدەیت ، چاوپێکەوتنەکەی بەشێوازی تایبەتی‌ی خۆم لەگەڵدا ئەکەم .

سەرنووسەر : شێوازی تایبەتیت یان شێوازی گشتیت بێ گرنگ نی‌یە ، براکەم ، ڕزگارم کە ، من لێرە هیچ ئیش‌و کارێکم نی‌یە تەنیا ئەوەنەبێ وەڵامی تەلەفون بدەمەوە بۆ مەسەلەی چاوپێکەوتنی . .

وریا : (پی‌ی ئەبڕێت) تێگەیشتم ، مامۆستا . بەسەرچاو ، خواحافیز . .

(تاریکی)

(پاش مۆسیقایەکی کورت ، ڕوناکی ئەچێتە سەرژووری ڕۆژنامە نووسەکان ، ئەنوەر خەریکی نووسنە . .)

ئەنوەر : (لەبەر خۆیەوە) مەکسیم ، ماکسیم گۆرکی . غورکی ، غورغی ، نەء گۆرکی ، ئا ، گۆرکی ڕووت باشترە . . ئەنیتوان ، ئەنتۆن ، ئەنتۆن چیخۆف ، تشیخۆف .

تشیخەف ، چیکۆف ، چیخەف ، ئەمەیانە . . چیخەف ، ئەنتۆن چیخەف ، زۆرچاکە . . (وریا دێتە ژوورەوە) ، ها وریا گیان ، چی‌بوو ؟ رازیت کرد ؟

وریا : ئەو منی رازی‌کرد ، چونکە بەشیرەکان ئەویان رازی‌کردووە ، کاك ئەنوەر ، بەسەری تۆ ، پێنج ساڵی رەبەقە لەم گۆڤارەدا کارئەکەم هێندەی ئەمرۆ مشت‌و مرم لەگەڵ مامۆستادا نەکردووە . . بەهەر حاڵ ، تەلەفونی بۆ ئەکەم‌و کاتێك دیاری ئەکەین . .

ئەنوەر : دەی خێری پێوەبێت .

وریا : (تەلەفونەکە ئەخاتە بەردەمی‌و لەگیرفانی پارچەیەك کاغەز دەردێنێ‌و تی‌ی ئەروانی‌و ژمارەکان با ئەدات) هەلاو ، ئەم کاتەت باش ، جەنابت مامۆستا بەشیر فەتحوڵلایت . . من رۆژنامەنووسم لە گۆڤاری . . . بەڵێ . . ئا . . بەڵێ لێرە کار ئەکەم . . چی ؟ . چاوەڕێت ؟ . دەمێکە ؟ . ئێ زۆر چاکە . . بێ زەحمەت ناونیشانەکەت . . بەڵێ هی ماڵەوەتان . . (کاغەزێك ئەخاتەبەر دەمی‌و قەڵەمەکەی دەردێنێ) بەڵێ . . (ئەنووسێت) بەڵێ . . شەقامی . . . بەرامبەر . . ژمارە . . ناوەکەت بەسەرقاپێکەوەیە ؟ . زۆر چاکە . . ئەمرۆ ؟ باشە . . کات ژمێر پێنجی عەسر ، زۆر چاکە . . بەڵێ . . بەڵێ ئەزانم . . خوات لەگەڵ . . سوپاس . . خواحافیز . .

(تەلەفونەکە دائەخاتەوە) ئەڵێ دەمێکە چاوەڕێ‌ی ئەم چاوپێکەوتنەم ، بەڵێنیان پێ‌ی داوە . . بەڵام پیاوێکی زمان شیرینە .

ئەنوەر : عەسر ئەچیت ؟

وریا : بەڵێ ، سەعات پێنج .

تاریکی ، مۆسیقایەکی کورت ، ڕوناکی ئەچێتە سەر ژوورەکەی بەشیر ، بەشیر خۆی گۆڕیوەو قاتێکی تازەی رەشی لەبەردایە ، وریا تازە گەیشتووەتە ئەوێ‌و دەستی یەکتر ئەگوشن)

وریا : سەعات پێنجی تەواوە . . هیچ دووانەکەوتم .

بەشیر : ئەهلەن . . ئەهلەن ، بەخێربێیت سەر هەردوو چاوم ، فەرموو ، فەرموو . .

وریا : (دائەنیشێت) سوپاست ئەکەم . .

بەشیر : چۆنی ؟ باشیت شکور . . چی‌یە ؟ ئەڵێ‌ی وێنەگرت نەهێناوە ، دیارە چاوپێکەوتنەکە بەبێ وێنە بلاو ئەکەنەوە . . جا چۆن ئەبێت ؟ !

وریا : ببورە ، ئەوی راستی بێت بیرم چوو وێنەگری گۆڤارەکەمان لەگەڵ خۆمدا بێنم .

بەشیر : ئا . . بەبێ‌وێنە ! دەی هەر چۆنێك بێت ، گرنگ نی‌یە ، گوێشی مەدەرێ ، ئەوەندە وێنەمان بلاوکرایەوەو هیچیشمان لێ‌یان دەست نەکەوت وێنەی خۆم لەبەر چاو کەوتووە (ئەمە ئەڵێ‌و پەستی ئەیگرێت ، جگەرەکەی دەستی ئەکوژێنێتەوە) .

وریا : ئەڵێم دەست پێ‌بکەین (ئامێری تۆمار «تسجیل»یکی بچکۆلەو هەندێك پەرە کاغەز لەبەر دەمی لەسەر تەپلەکێك دائەنێت) .

بەشیر : بەڵێ باشە ، با دەست پێ‌بکەین ، بەڵام من وای بەچاك ئەزانم قسەکانمان تۆمار بکەیت‌و پاشان بیان نووسیتەوەو دووا جاریش کە پاك نووست کرد پیشانی خۆمی بدەیتەوە ، هەروەها تکایە کەی ئیشارەتم کرد تۆمارەکە رابگرە ، ئەزانیت بۆ ؟ چونکە هەندێ شت هەن نامەوێت بلاوبکرێنەوە ، خۆت ئەزانیت زەڵلەی زمانە ، یەك ووشەی زیاد هەزار لێکدانەوەی هەڵە لێکی‌ئەدەنەوە ، ئالەبەر ئەوانە ئەڵێم . . . ئێستا چا

ئەخۆیت ؟

وریا : ئەگەر ئەرك نابێت . .

بەشیر : وتت وێنەگرەکە کەی دێت ؟

وریا : عەرزم کردیت بیرم چووە پێی بڵێم ، داوای لێبوردن ئەکەم .

بەشیر : قەی ناکات ، دەستکەوت لەوێنە بلاْوکردنەوە ئەبێت چی بێت ؟

(ئیشارەت بۆ تۆمارەکە ئەکاتو دەنگ بەرز ئەکاتەوە) خۆ نەتکردۆتەوە ، بۆ خاتریخوا . . دەی زۆر چاکە (جگەرەیەك دائەگیرسێنێو نەفەسی قووڵی لێئەدات) .

وریا : (تۆمارەکە دائەگیرسێنێ) مامۆستا بەشیر فەتحوڵلا تۆفیق . . .

بەشیر : (پێی ئەبڕێت) بەڵێ .

وریا : تۆ کێیت ؟

بەشیر : (بەخێرایی قاچ ئەخاتە سەر قاچ) من نەتەوەییەکی دڵسۆزمو بە ئەسڵ خەڵکی لادێین ، بەلاْم دایكو باوکم لەم شارەدا ژیاونو منیان بووە ، لە ساڵەکانی بیستدا لە دایك بووم ، هەر بەوێنەی باوكو دایکم پەژارەم زۆر دیوەو تاڵیم زۆر چەشتووە ، بێ هیچ خۆشیو ئاسوودەییەك پەروەردە کراومو بە نەبوونیو نانەسکی گەورە کراوم ، کاتێ خۆی خراومەتە بەر خوێندنو لەگەڵ ژیانی پڕ نەهامەتیو گیروگرفتدا وازم لەقوتابخانە نەهێناوە ، باوکم جوتیاربووە هەروەها باپیریشمو باوکی دایکیشم ، ئێمە خێزانێکی جوتیارین ، هەروەك ئەبینیت ئیلهام لە سروشتو جوانییەکەی وەرئەگرم ، سروشت لای من سەرچاوەیەکی نەمرە .

وریا : لە کوێ تەمەنی منداڵیو مێرد منداڵیت بەسەر بردووە ؟

بەشیر : لە یەکێك لە گەڕەکە کۆنەکانی ئەم شارە ، باوکم چایخانەیەکی بچووکی هەبوو ئیشی لەسەر ئەکرد .

وریا : کەواتە کام سروشتەبوو تۆ لەم گەڕەکەدا دڵت پێی ئەکرایەوە ؟ !

(بەشیر ئیشارەت بۆ ڕاگرتنی تۆمارەکە ئەکاتو وریاش ڕای ئەگرێت)

بەشیر : ئەم پرسیارە چیبوو ؟

وریا : مامۆستا ، تۆ فەرمووت . .

بەشیر : ئەزانم ، ئەی قسەمان دەربارەی جوتیاران نەکرد ، ئێ سروشتیشی بەندە بەژیانی ئەوانەوە . . من سروشتم دیوە ، تەڕەماشم دیوە ؟ ! کاکی خۆم ، واز لەو پرسیارە بهێنە . .

وریا : (پەنجە بە تۆمارەکەدا ئەنێتەوە) مامۆستا بەشیر ، بەبڕاوی تۆ ، دەوروبەر تۆی کرد بەشاعیرو ڕۆمان نووس ، یان شتێك لە ناوەوەی ناخی خۆتدا هەبوو و لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا هەڵچوو و بەهرەی تەقاندیتەوە ؟ .

بەشیر : (خۆی ڕاست ئەکاتەوە) لام وایە ئەبێت ئەم پرسیارە گرنگە لەو بەڕێزانە بکرێت کەئەرکی ڕەخنەگرتن لە مێژووی ژیانم ئەگرنە ئەستۆی خۆیان ، بەلاْم من ، تا ئێستا نازانم ، ئایا ژیانی پڕ لە هەژاریو کوێرەوەری بوو یان هەستی ناسكو عاتیفەی خرۆشاوی خۆم بوون تێکەڵ بەواقیعە پڕ ئازارەکە بوونو لە ئەنجامدا هۆنراوەو داستانو ڕۆمانیان لێ لە دایكبوو ؟ تا ئەمڕۆ زانستی دەروون ناسی لە ئاستی شتێکدا دۆش داماوە ، ئەو شتەش شیکردنەوەو تێگەیشتنە لە بزوتنەوەی داهێنانو ئەفراندنی مرۆڤی داهێنەر .

وریا : مامۆستا ، جەنابت تا ئێستا گەلێك دیوانە شیعرو ڕۆمانت بلاْوکردۆتەوە . . .

بەشیر : (پیێی ئەبڕێت) شانزە دیوانەو سێ ڕۆمانی گەورەو شانۆگەرییەکی شیعریو چەندان چاوپێکەوتنو نووسینو وتار لەگشت ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆمانو ولاٚتانی دراوسێو بێگانەدا .

وریا : ئەم هەموو بەرهەمە هەمە جۆرەت نووسیوە ، پەیوەندیت لەگەڵ ئەدەبدا چۆنە ؟

بەشیر : پەیوەندیم چۆنە ؟ !

وریا : مەبەستم لەوەیە ، خۆشت ئەوێ ، ڕقت لێیەتی ، ئایا پەشیمان نیت لە بلاٚوکردنەوەی بەرهەمەکانت ؟ یان هەندێکیان . . ئایا . .

بەشیر : (قسەکەی پیێئەبڕێت) پەشیمان بوونەوەی چی ؟ من خزمەتی گەلو نیشتمانەکەم کردووە ، من هەر لەمنداڵییەوە حەزم کردووە گۆرانی بەسەر نیشتمانو سەربەستیو برایەتیدا هەڵبدەم ، ویستوومە بەرگریی لە ئافرەت بکەم ، ئەو ئافرەتەی هەڵسوکەوتی بەرێزەوە لەگەڵدا ئەکەم ، بۆ ژیانو خۆشەویستیو جوانی بەرهەمم نووسیوە ، چۆنڕقم لەم ئەدەبە ئەبێت ؟ ! ! خۆ ڕۆمانەکانم ، بەگەواهیدانی گشت ڕەخنەگرەکان شاکاری بێوێنەن ، زۆر کەس لەسەریان نووسیونو بڕوانامەی دکتۆراشیان وەرگرتووە ، بەرادەیەك وام کردووە کە بەهۆی ڕۆمانەکانمەوە ئەدەبەکەمان بگاتە کەشکەلاٚنی فەلەك .

(بێ دەنگئەبێت ، ئیشارەت بۆ ڕاگرتنی تۆمارەکە ئەکات ، وریاش ڕای ئەگرێت) . وشەی کەشکەلاٚنی فەلەك بسرەوە ، تۆزێ نەوعێکە . . توخوا دەقیقەیەك ، (وریا ئەیگێڕێتەوەو ئەیسڕێتەوەو پاش تاوێك ئیشی پیێئەکاتەوە) . وام کرد ئەدەبەکەمان شان بدات لە شانی ئەدەبیاتی جیهانی مونافەسەی بکات . . لەم خاڵەشەوە بە دڵێکی بریندارەوە پرسیار لە هەڵوێستی فەرمانڕەواکانمان ئەکەم بەرامبەر بە لیژنەی بەخشینی خەلاٚتی نۆبڵ ، گلەیی ئەوەیان لێئەکەم بۆ لەوەتێ ناگەن کە لەلایەن ئەو لیژنەیەوە پشت گوێ خراوین ، بەڕاستی قبووڵ کردنی ئەوە شوورەیی‌یە !

وریا : مامۆستا بەشیر ، لات وایە کە هەقە خەلاٚتی نۆبڵ بدرێت بە جەنابتان ؟ !

بەشیر : ئەی هەرچی خوێرییە وەری بگرێتو ئێمەش هیچ (داوای وەستانی تۆمارەکە ئەکاتو وریاش کەمێك ئەیگێڕێتەوەو ئەیخاتەوە کار) ، تۆمارکە ، من ناڵێم مافی خۆمە نۆبڵ وەربگرم ، بەلاٚم ئەو بایەخەی چ لێرەو چ لەدەرەوە بە دیوانو ڕۆمانەکانم دراوە ، پێویستە مایەی سەرنجدانی ئەو لیژنە نەیارەی نۆبڵ بێت !

وریا : بۆ لاتوایە خەلاٚتی نۆبڵ سوودێکی وای هەبێت ؟ !

بەشیر : ئەم قسەیە چی‌یە ؟ ! براکەم ، سەدان هەزار دۆلار گاڵتەیە ؟ ! بیسڕەوە . . بیسڕەوە ، (وریا ئەیسڕێتەوەو دوایی ئەیخاتەوە ئیش) لە ڕاستیدا لەو باوەڕەدام هێندەی کەسانێك گرنگیی پیێئەدەن ئەوە ناهێنێتو ئەوەندە گرنگ نی‌یە ، بەتایبەت کە تا ئێستا زۆر مەزنە ئەدیبی جیهان پیێیان نەبەخشراوە !

وریا : مامۆستا کەواتە تۆ بڕوات بەوە هەیە ئەگەر خەڵکی نیشتمانەکەت بەرێزەوە ناوت بێننو بەخۆشەویستیی خۆیان بەرزت بکەنەوەو بە پەرۆشەوە بەرهەمەکانت بەسنگەوە بگرن ، زۆر لەو خەلاٚتانە بەنرخترە کە لەپشتی پەردەوە ئەبەخشرێن !

بەشیر : بێگومان ، بێگومان ، لەپشت پەردەوە . . بێگومان . شەرەفی گەورە بۆ من لەوەدایە کە خۆشەویستیی هاونیشتمانەکانم و ڕێزی بێپایانی ئەوانم پیێببڕێت ، لە خواش بەزیاد بێ ئەمە هاتۆتەدیو تەنیا ئەمەش بۆ من هەموو شتێکە .

وریا : پەیوەندیت لەگەڵ خوێنەرەکانت‌و ئەوانەی سەرسا[illegible] پێت تا چ ڕادەیەکە ؟
(محجبين)

بەشیر : پەیوەندی‌یەکی یەکجار توندو تۆڵە .

وریا : بەرهەمی ئەدیبە لاوەکان ئەخوێنیتەوە ؟

بەشیر : وەکو هی کێ ؟

وریا : وەك هی فلانی فلان‌و فلان‌و فلان فلانەبی . .

بەشیر : ئەوانە کێن ؟ !

وریا : ئەدیبی لاون ، شاعیرو چیرۆك‌نووسن .

بەشیر : بەڕاست ؟ ! (دوای کەمێك وەستان) لە ڕاستی‌و واقیعدا ، من پەیوەندی‌یەکی یەکجار بەهێزم لەگەڵ ئەدەبیاتی نوێی لاوانی ولاتەکەماندا هەیە ، بەلام هەرگیز ناتوانم بلێم کە هەرچی‌یەك لەوبارەیەوە نووسراوەو بلاوکراوەتەوە دیومن ، ئەمەش ئەنجامی دوو هۆیە :

یەکەم ، ئەدیبە لاوەکان هەموو بەرهەمەکانی خۆیانیانم بۆ نانێرن ، دووەمیش ، سەرقالم بە کاروباری ڕەسمی‌یەوە ، هەروەها بۆ نوێنەرایەتی کردنی ولات گەلێك سەفەری دەرەوە دێنە ڕێم . . بەلێ زۆربەی کاتم بەوانەوە ئەڕوات .

وریا : گەورەم ، ئەم قسەیەت کەمێك سەیر نی‌یە ؟ !

بەشیر : بۆچی سەیرە ؟ ! ! چ خەوشێ لە سەفەرکردندایە ؟ ! بۆ هەموو کەسێك سەفەر ناکات ! .

وریا : (قسەکە بە بەشیر ئەبڕێت) ببورە ، تەنیا مەبەستی من بێ ئاگایت بوو لە بەرهەمی ئەدەبیاتی لاوەکانمان . . . لە شیعرو چیرۆکیان‌و . .

بەشیر : هۆی ئەمەم بە درێژی بۆ باس کردیت ، پێویست ناکات زیاتری لەسەر بڕۆین !

وریا : ببورە مامۆستا ، ئەتوانم ئەمە بە چەشنە بەرهەڵستکاری‌یەك ناوبنێم .

بەشیر : (گاڵتەی بە قسەکەی وریا دێت) بەرهەڵستکاری ! ! نەخێر ، تکا ئەکەم قسەکانم بەو شێوەیە لێك‌مەدەرەوە . . ڕاستە فەرامۆشی‌یەکی بچووك هەبووە . . .

وریا نەخێر گەورەم ، هەندێ ئەدیب ، کە لەو بڕوایەدانیم تۆش وابیت ، لایان وایە ئەو گەنجانە ئەیانەوێت تەنگیان پێ‌هەڵچن‌و جێگایان پێ لێژکەن‌و شوێنیان بگرنەوە ، وەك ئەوەی مەسەلە . . .

بەشیر : بڕوا ناکەم ، بڕوا ناکەم ، واز لەم باسەش بهێنە ، فەرموو وەرە سەر پرسیارێکی ترت .

وریا : (پاش کەمێك بێ‌دەنگی ، لەبەر خۆیەوە ئەدوێت) ئێستا شێوازی تایبەتیم دەست پێ‌ئەکات ، ئەو شێوازەی بۆ جەنابی سەرنووسەرم باس‌کرد . . (دەنگ بەرزئەکاتەوە) بەر لەوەی بێمە سەر پرسیارێکی‌ترم ، ئایا گوێ لە ئەدیبێکی لاو ئەگرن ؟

بەشیر : بێ‌گومان . . بێ‌گومان . . (بەسەرسوڕماوی‌یەوە) بۆ تۆش ئەدیبیت ؟

وریا : جار جاری چیرۆك ئەنووسم‌و هەندێك وتارو وەرگێڕانیشم هەیە . . کاتی خۆی ، کە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکم لە چاپدا دانەیەکم لێی بەدیاری بۆ ناردن ، دیارە پێتان گەیشتووە ، ئێستاش ئەمەوێ سوود لە ڕای جەنابتان دەربارەی وەربگرم‌و واشم پێ‌خۆشە لە تێبینی‌و ڕێ پیشاندانی بەنرخی بەڕێزتان بێ‌بەش نەبم .

بەشیر : (بەپەکەوە ، هەردوو باڵی‌و دەمی‌و چاوەکانی ئەکاتەوە)

بەخوا . . .

وریا : دیارە سەرقاڵیتان بواری خوێندنەوەی ئەوکتێبەی بۆ نەڕەخساندوون ، ئەمەش جێگای داخە . . چونکە هەست‌کردن بە سەر نەکەوتن لە دەروونماندا درووست ئەکات . . بۆ بە بەردەوامی‌ی خۆتانمان نازانن ؟ لاتان نەنگی‌یە

گەورەم ؟ بەڵام من شیعرەکانت و هەوڵدانی چیرۆك نووسینی تۆم بەدڵن .

بەشیر : چی ؟ ! هەوڵدان ؟ ! !

وریا : ببورە مامۆستا . چیرۆکە شاکارەکانت . بەڵام با هەردووکمان لەسەر ئەوە ڕازی بین کە ئەدەبیاتی نەتەوەیەك تاقە ئەدیبێك درووستی ناکات . . جا ئەو ئەدیبە با بلیمەتیش بێت و بەرهەمی یەکجار زۆریش بێت . . ئەو ئەدیبە بێ‌مێشکانە نایانەوێ ناوی ئەدیبانی بێ لە خۆیان لە وڵاتدا دەرکەون . . بەڕای تۆ ئەوانە ڕاستن ؟

بەشیر : نا . . نا . . برام نەء . . هەرگیز ئەوانە ڕاست نین .

وریا : ئەبێ نرخی ئەو ئەدیبە کەللە پووتە چی بێت کاری ئەدیبانی پێش خۆی لەسەر نەبێت و سوود لە تاقی کردنەوەی ئەدیبانی سەردەمەکەی خۆشی وەرنەگرێت ؟

بەشیر : کێ ؟ مەبەستت لە کێ‌یە ؟

وریا : بێ‌گومان دوای ئەو ئەدیبە کەسانی‌تر دێنە پێشی و کەرەستەی تازە ئەخەنە سەر بەرهەمەکانی . . ئاوا ، بەوشێوەیە ئەدەبی نەتەوە وەك زنجیرێك وایە و نەوە دوای نەوەش ئەڵقەکانی بەیەکەوە ئەبەستن .

بەشیر : ئەو ئەدیبەی باست کرد خەڵکی کوێ‌یە ، من ئەیناسم ؟

وریا : ناوبردن چ سوودێکی هەیە گەورەم ؟ . .

بەشیر : (بەزەردەخەنەوە) بابەگیان زانیم کێ‌یە ، دۆزیمەوە ، تۆسەری خۆت چاوێلکە ئاڵتوونی‌یە فشەکەرەکە نی‌یە ؟

وریا : گەر ڕێم بدەن پرسیارێکی‌تر .

بەشیر : فەرموو .

وریا : چۆن کاتی خۆتان لە نێوان کاروباری ڕەسمی و خەریك بوونتان بە ئەدەبەوە ڕێك ئەخەن ؟

بەشیر : ڕاستێکەی . لەمەدا تووشی ماندوویێتی ئەبم . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا توانیومە کاتی خۆم ڕێك بخەم و هەمیشە هەوڵی ئەوەم داوە کە فەرمانەکانم لە نووسینم نەکات . .

وریا : ئەی بۆ مەسەلەی سەربەستی ناوەوەت ؟

بەشیر : (لە جێ‌ی خۆی وشك ئەبێ و وەك ئەوەی گوێ‌ی لە وریا نەبووبێ) بەڵێ ؟

وریا : تۆ سەربەستیت لە هە ڵبژاردنی بابەتی نووسینەکانتا و بڵاوکردنەوەیاندا ؟

بەشیر : مەبەستی تەواوت لەم پرسیارە چی‌یە ؟

وریا : بەر لەدەست کردن بە نووسینی بەرهەمە داهێنەرەکانت ، هەست بەوە ئەکەیت ، یان بابڵێم لە حاڵێکی دەروونی وادایت . . مەبەستم لەوەیە ئایا لە ناخی خۆتدا لەوە دڵنیایت گەر بتەوێ بفڕیت ، ئەتوانیت ؟ چونکە لەو کاتەدا هەست ئەکەیت خاوەنی جووتێ باڵی وەهایت کە لە باڵندە زیاتر سەربەستی فڕینت هەبێت . . واتە . . نازانم لە مەبەستەکەم تێ‌گەیشتیت ؟

بەشیر : بێ‌گومان،بێ‌گومان،بۆ تێ ناگەم ؟ ! هاوڕێ‌ی لاوم ، گوێ‌بگرە ، من هەرکاتێك مەیلم لە نووسین بێت ئەنووسم ، هەرکاتێکیش بمەوێت بەرهەمم بڵاوئەکەمەوە ، لەم ڕووەوە هیچ جۆرە گیروگرفتێکم نی‌یە .

وریا : کەواتە تۆ سەرفرازیت .

بەشیر : ئەتوانم بڵێم سەرفرازم ، هەرچەندە هەندێك کەلەبەر لە ناخمدان .

وریا : لە ڕووی دارایی‌یەوەش باشیت ، وانی‌یە ؟

بەشیر : بەڵێ زۆر زۆر باشم ، (چاوی ئەقووچێنێ) مەبەستت لەمە چی‌یە ؟

وریا : هیچ گەورەم . . ئەوە نەبێت . . . گەر بفەرموویت

مەسەلەیەکت بۆ باس بکەم . زۆر ئەدیبی لاو هەن لە مانگێکدا توانای کرینی کتێبێك زیاتریان نی یە ، ئەوەش دوای ئەوەی لە دەمی خۆیان ئەگرنەوە . .

بەشیر : خوا یارمەتی یان بدات .

وریا هەندێکیان تەنانەت جل و بەرگی تەواوشك نابەن . . ئەمە رەوایە ؟

بەشیر : کامە ؟

وریا : ئایا ئەمە جیاوازیی ئابوری نی یە لە نێو ئەدیباندا ؟ هەقە وابێت ؟

بەشیر : (دەست بەرز ئەکاتەوە) تکایە تۆمارەکە راگرە . . (وریا رای ئەگرێ) .

چی یە ، کاکە ؟ تۆ هاتووی چاوپێکەوتنی ئەدەبیم لەگەڵدا بکەیت یان رۆحم بکێشیت ؟ من هەقم بەسەر ئەوانەوە چی یە ؟ پاشان ، لە هەموو جێگایەك ئەوانە هەر هەن و جیاوازیی مادیی هەرهەبووە ! .

وریا : ببورە مامۆستا ، تکایە ببورە ، من حەزم کرد تەنیا ئاماژە بۆ چەند حاڵەت و دیاردەیەك بکەم ، ویستم بڵێم : ئێوە گەر بتانەوێ بەهۆی پلەی رەسمی و باری ئابووریتانەوە ئەتوانن یارمەتیی چارکردنی ئەو گیروگرفتانە بدەن .

بەشیر : چۆن چۆنی ؟

وریا : بەبەخشینی پاداشتی چاك بە ئەدیبە لاوەکان و گرنگی دان پی یان ، گرنگی دانی بێ جیاوازی .

بەشیر : ئەمە ماقووڵە . . زۆر ماقووڵە . . بەڵام ئەو جیاوازی یە چی یە باست کرد ؟

وریا : نازانم ، مامۆستا ، هیچ نی یە .

بەشیر : (بە پەنجە ئاماژە بۆ کردنەوەی تۆمارەکە ئەکات) فەرموو ، من ئامادەم .

وریا : (ئەیکاتەوە) سوپاس ، فەرموون .

بەشیر : بە ئەدیبە لاوەکان رابگەیێنە ، من هەمیشە لە گەڵیاندام و بەهەموو توانایەکمەوە یارمەتی یان ئەدەم . . لەگشت رووێکەوە ، بەبێ جیاوازیش .

وریا : سوپاس ، مامۆستا ئەمە هەڵوێستێکی شەرەفمەندانەیە گەر بفەرموویت پرسیارێکی ترم هەیە . .

بەشیر : (تێروانینێکی سەیر ئەروانێتە وریا) پرسیارێکی تر ؟ ! راستێکەی ئیشێکی گرنگم هەیەو بیرم چووبوو . . بەهەر حاڵ ، فەرموو ، کورم پرسیارەکەت چی یە ؟

وریا : گەورەم ئێوە لە چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکی دەرەوەی وڵاتدا ئەنووسن ، ئەوانەش لەم ساڵانەی دواییدا دامەزراون .

بەشیر : بەڵێ ، وایە .

وریا : رێبازی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەش وایە کە مەسەلەکان زۆر بە رووکەش و ساکاریی دەربرن .

بەشیر : ئەمە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە . . .

وریا : ئەوان خۆیان لەمەسەلە فیکری یەکان بە دوور ئەگرن و هانی نووسینی کاڵ و کرچ و بێسوود ئەدەن و بەردەوام شبت بۆ ئەو نووسەرانە بڵاوئەکەنەوە کە بەرهەمیان وا لە ئاستی بەرهەمی لاوازی سەردەمە تاریك و نوتەکەکانی ئەدەبەکەدا . .

(بەشیر بە چاوی پڕ لەرقەوە ئەروانێتە وریاو خۆی بە کتێبێکی بەردەستی یەوە خەریك ئەکات) . .

بەشیر : ئی ی . .

وریا : چۆن ئەبێت ناوی دیارو ناسراوی ئێوە لە پاڵ ئەو ناوە گومراو لاوازانەدا دەرکەوێت ؟ ئایا ئەمە لە خۆیدا پشت گرتنی بەرهەمی سادەو خراپ نی یە ؟

بەشیر : من بە سەربەستیی تەواوەوە بیروڕای تایبەتیی خۆم بڵاوئەکەمەوە ، ئیتر خەڵکی تر بە جەهەننەم . . ئەوەی لای من گرنگە دەربڕینی ئاشکرای رای خۆمە ، ئەوە هەموو شتێکەو برایەوە .

وریا : یانی هیچ هۆیەکی تر نی یە ؟

بەشیر : مەبەستت چی‌یە ؟

وریا : هیچ . من تەنیا پرسیار ئەکەم !

(بەشیر رووی لی‌وەرئەگێرێ . چاوپێکەوتنەکە کۆتایی پی‌ دێنێ ، وریاش تۆمارەکە دائەخات‌و پارچە کاغەزەکانی کۆئەکاتەوە هەل‌ئەستێ . بەشیر هەل‌ئەستی‌و بەرەو دەرگای ژوورەکە پێشی ئەکەوێت . لە ناو دەرگاکەدا زۆر بەساردی‌یەوە دەستی وریا ئەگوشێ) .

بەشیر : وتت ناوت چی‌یە ؟

وریا : وریا ، وریا محەمەد .

بەشیر : بەر لە بلاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە ، ئەمەوێ ببینمەوە .

وریا : بێ‌گومان ، بێ‌گومان ، بەسەرچاو ، مامۆستای بەرێز ، زۆر سوپاست ئەکەم . . مال ئاوا . .

بەشیر : خوا حافیز .

(وریا ئەڕوات‌و تاریکی ، لەگەل مۆسیقایەکی کورتدا ڕوناکی ئەچێتە سەر ژووری ڕۆژنامەنووسەکان)

ئەنوەر : ئێ ، کاکەوریا ، دوایی ؟

وریا : دوایی کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە هێناو چوومە دەرێ ، ئەڕۆیشتم‌و هەستم ئەکرد کارێکی گەورەم بە ئەنجام گەیاندووە ، دەرەوەی مالەکەی بەشیر فەتحوللاو شەقامەکان زۆر خۆش‌و دلگیر بوون ، هەواکە پاك‌و بی‌گەرد بوو ، پڕ بەسنگم لێم هەلمژی ، بیرم کەوتەوە وا ئێوارەیەکی درەنگەو هێشتا چام نەخواردۆتەوە ، خەمیشم لی‌هات ، چونکە ڕێگای مالەکەمان زۆری بەبەرەوە مابوو ، دوێنێ شەو ماوەیەکی باش بە پاکنوس کردنی چاوپێکەوتنەکەوە خەریك بووم ، ئەم بەیانی‌یەش زوو دامە سەرنووسەرو وا چاوەڕێی وەلامی ئەو ئەکەم‌و باقی وەلسەلام .

ئەنوەر : دەستت خۆش ، چۆنت ویست وات بە ئەنجام گەیاند ، هەر خوا بکات (زەنگی تەلەفونەکە لی‌ئەدات) هەر خوا بکات ڕازی بێت بە بلاوکردنەوەی . . (ئەنوەر تەلەفونەکە هەل ئەگرێت) سەرچاو کاك بەشیر . . ببورە ، ببورە مامۆستا ، بەلێ لێرەیە ، فەرموو مامۆستا ، لەگەلتایە ، فەرموو . . (بەوریا ، بە هێواشی) سەرنووسەرە . .

وریا : (تەلەفونەکە ئەنێ بەگوی‌یەوە) بەلێ ، سوپاست ئەکەم . . بەلێ ، بەلێ ، ئەی چۆن قوربان ، بڕوا بکە ئەمشەو نەخەوتم تا لە پاکنوسی بوومەوە ، بەلێ . . چۆن ؟ بۆچی ؟ کەی . . باشە دێمە خزمەتت . . خوات لەگەل بێت . (تەلەفونەکە دائەخات) .

ئەنوەر : دیارە بلاوی ناکاتەوە ، نەموت ! .

وریا : ئەلێ سەعاتێکی‌تر وەرە خوارەوە بۆ لام ، موناقەشەی ئەکەین ، چونکە زۆر شتی تیایە پێویستی بە دەستکاری‌و لی‌لابردنە . .

ئەنوەر : دەفەرموو ، چاوت لی‌یە !

وریا : منیش پی‌ی ئەلێم : بەگۆڕینی وشەیەك چاوپێکەوتنەکە ئەشێوێت ، لەبەرئەوە بە هیچ جۆرێك دەستکاری ناکەم ، چش ، با ئەم چاوپێکەوتنە بلاونەکرێتەوە .

(تاریکی ، لەگەل دەنگی مۆسیقادا شانۆگەری‌یەکە کۆتایی دێت) .

* * *

تێبینی :

سەرچاوەی ئامادەکردنی ئەم شانۆگەری‌یە :

گۆڤاری (الأدیب المعاصر) ، ژمارە ٢٨ ، حوزەیرانی ١٩٨٥ ، ل ٣٦-٤٣ ، چیرۆکی (مقابلة لم تنشر)ی مامۆستا (فؤاد التکرلي) .